# پەیامی کومیتەی ناوەندیی
# کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
# بەبۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە
# (١٣٨١ی هەتاوی، ٢٠٠٣ی زایینی)

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

کرێکاران و زەحمەتکێشان!

دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان!

هاورێیان!

گەرم و گەشترین سڵاوی خۆمانتان پێشکەش دەکەین. ڕۆژی خۆتان، ڕۆژی کۆمەڵەتان لێ پیرۆز بێ.

ئەوساڵیش بەبەرینایی کوردستان، لەسەر شەقامەکان، لەشوێنی کار و خوێندن، لە کۆڕوکۆمەڵی تێکۆشەرانی ناو شار و لادێکان، لە مەیدانی چالاکیی گەرم و خەباتکارانەی لاوان، لەنێوماڵان و لەلای دایکان، لە بنەماڵەی گیان بەخت کردووان و زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی دێرین، لە نێو تێکۆشەرانی دوورەوڵات و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و دۆستانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە، دەبێتە ڕۆژی پێک گەیشتنەوە و یەکگرتنەوەی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی و مافی ئینسان، ئەوانەی ڕێز لە دێموکراسی و لە فرەچەشنیی سیاسی و فەرهەنگی دەگرن و خۆیان لەگەڵ نوێخوازیی و پێشکەوتنخوازیی پێناسە دەکەن، هەموو خەباتکارانی دژی ئیستبداد و سەرەڕۆیی و ئەوانەی سانسۆر و ئەشکەنجە و ئیعدام بە سووکایەتی بە ئینسان تێدەگەن و هەبوونی ئازادی بێکۆسپ و بێمەرج بە مافی سەرەتایی و خەوش هەڵنەگری ئینسانی ئەم سەردەمە دادەنێن، هەموو لایەنگرانی بەرابەریی و یەکسانیی مافی ژن و پیاو، ئەوانەی بەدژی کۆیلەتی و بندەستیی ژنان خەبات دەکەن و ئازادی ژن بە پێوانەی ئازادی هەموو



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

کۆمەڵگایـەک دادەنـێن، هـەموو ئەوانـەی لابـردن و سـڕینەوەی ئاسـەوارەکانی دیکتـاتۆریی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی و هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سێکولار بە مەرجی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی ئێران دەزانن و بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشـن، هەموو خوازیارانی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد و دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، ئەوانـەی کـوردیش بەشـیاوی ژیـان لـە کۆمەڵگایـەکی ئـازاد و ئینسـانیی و پێشـکەوتوو دەزانـن و بـەدژی سـتەم و سـووکایەتی و بندەسـتیی خـەڵکی کوردسـتان دەوەسـتنەوە ، ئەوانـەی لـە بەرانبـەر رژیمـی کۆنەپەرست و گەندەڵ و تاوانکـاری کۆماری ئیسلامیدا لەبەرەی بەرگری و بەرەنگاریی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان دان و بـۆ گەشـە و سـەرکەوتنی ئـەو بزووتنەوەیـە تێدەکۆشـن، هـەموو تێکۆشـەرانی رێگـەی یـەکگرتن و سـەرکەوتنی چینی کریکـار، ئەوانـەی بـۆ وشیاری و رێکخسـتن و سەرخسـتنی کریکـاران خـەبات دەکـەن، هـەموو خوازیـارانی عەداڵـەتی کۆمەڵایـەتی، ئەوانـەی دژی چەوسانەوەی ئینسانن و کار و حەسانەوە و بەختەوەری بە مافی هەمووان دەزانن، ئەوانەی هـەژاری و چەوسـانەوە بە شـەرمەزاری بـۆ مرۆڤایـەتی دەزانـن و دابـەش بـوونی کۆمـەڵگا بـە چینە دەسـەڵاتدار و داراکـان و چینە بێبـەش و پاماڵکراوەکـان بـە دیـاردەی پـێش مێـژووی راستەقینەی مرۆڤایەتی دادەنێن و سۆسیالیزم بە ئاسۆی دوارۆژی ئینسـان دەبینن، بەڵێ، بەیارمـەتی هـەموو ئەوانە ئەوسـاڵیش ئاهەنگـەکانی رۆژی کۆمەڵـە دەکرێنـە بەڵگـەی زینـدوو بـوون و خـەباتکاریی خـەڵکی تێکۆشـەری کوردسـتان و گەشـەدار بـوونی خـەتی رادیکـاڵ و شۆڕشگێڕانەی ناو کۆمەڵگای کوردستان.

بەرێزان!

ئەمساڵ رۆژی کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا بەرێوە دەچێت کە ناوچەکە بەگشتی لە بـەردەم گـۆڕانێکی گـەورە دایـە، گۆڕانێـک کـە هۆکـاری ناوچـەیی و جیهـانیی هەیـە و دەتوانـێ هـەم مەترسی نوێ و هەم دەرفەتی نوێ لەگەڵ خۆی بخولقێنێ.

ئێمـە وێـڕای مـەحکووم کردنـی مـەزن خـوازیی ئیمپریالیسـتی کـە بـەزەبری شـەر و هێرشـکاری هـەولی زاڵ بـوون بەسـەر نـەوت و ئـابووری و سیاسـەت و چارەنووسـی میللـەتان دەدا، ئەو راستییەش وەبیردەهێنینـەوە کە بەدرێـژایی سـەدەی بیستەم دەوڵەتە گەورەکانی سەرمایەداری پارێزەر و پشتیوانی سەرەکیی رژیمە دیکتـاتۆر و گەندەڵـەکان بوون و بەدژی بزووتنــەوە ئــازادیخواز و رەواکــان راوەسـتاون. تەنانــەت هێــزە ئیسـلامییە کۆنەپەرسـتە توندڕەوەکانیش کـە ئێسـتا بـەنێوی تێرۆریسـت دژایـەتییان دەکرێ، لەراسـتیدا پێشـتر هـەر



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە وەکوو ئامرازێك بەدژی نەیارانی رۆژاوا بەهێز دەکران و بەکار دەهێنران. هەروەها پێویستە ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە ئەگەر ئەمرۆ رووی هێرشی ئەمریکا لە رژیمێکی دیکتاتۆریی درندە و کۆنەپەرستە، بەڵام ئاکامی درێژخایەنی ئەو مەزنخوازی و میلیتاریزمە دەتوانێ، درەنگ یا زوو، بەدژی ماف و ئازادییەکانی ئینسان و ئاسایشی جیهانی و بەدژی بزووتنەوە کرێکاری و هەقخواز و ئازادیخوازەکان بشکێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە رژیمێکی دیکتاتۆریی بێوێنە لەعیراق لەسەر کارە کە ساڵەهایە ئەو کۆمەڵگایەی لەچنگ خۆیدا گووشیوە و هەموو مەنفەزێکی گۆڕان و ئازادی و پێشکەوتنی لێتەنیوە و هەموو بووارێکی گەشە کردنی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی لێگرتووە، دەسەلاتێکی خێڵەکی و خاوەن عەقڵییەتی دوو هەزارە پێش ئێستا کە بەپارەی نەوت و کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی مۆدێرنی رۆژاوایی و بەزەبری ئەنفال و گازی ژەهراوی هەوڵی دڕندانەی هەڵتەکاندن و فەوتاندنی میللەتێکی داوە و لە یەکەم فرسەتی خۆگرتنەوەشی بۆ فەوتاندنی ئەزموونی ئازادیخوازانەی کوردستان و خنکاندن و تێکشکاندنی جەماوەر و تەواو کردنی جێنۆسایدە ناتەواوەکەی کەڵك وەردەگرێ.

لە وەها ململانێیەك دایە کە ئەگەری شەر لەم ناوچەیە رۆژ لەگەڵ رۆژ لەزیاد بوون دایە و هەموو لایەن و هێزە سیاسییەکانی خستۆتە جم و جۆڵ. ئێمە خوازیاری جەنگ نین و دەنگی نارەزاییی خۆمان بەرانبەر بەو جەنگە دەردەبڕین. لەهەمان حاڵدا، شتێکی ئاشکرایە کە هێرشی چاوەروانکراو بۆ سەر ئەو ناوچەیە لەسەر خواستی خەڵکی عیراق و کوردستان و لە درێژەی سیاسەتی ئەوان نەهاتۆتە کایەوە، بەلکوو دەرەنجامی هۆکارگەلێکی گەورەی جیهانییە و خەڵکی ئەم ولاتە و لەوانە گەلی کوردیش خۆی لەبەرابەر ئەو تەوژمە بەهێزە جیهانییەدا بینیوەتەوە. ئێمە بە لەبەر چاو گرتنی مەترسیدار بوونی لەسەر کار مانەوەی رژیمی دیکتاتۆریی زاڵ وەکوو دوژمنی سەرەکیی رابوردوو و ئێستای خەڵکی عیراق، سیاسەتی دروست بۆ خەڵکی عیراق و گەلی کورد و هێزە شۆرشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان بەوە دەزانین کە خوازیاری شکستی دوژمنی سەرەکیی خۆیان بن و لەو هەلە بۆ رووخاندنی رژیمی عیراق و رزگار کردنی ئەو ولاتە کەڵك وەرگرن. بەتایبەتی گەلی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی لەمێژساڵە بەدەست هەل و مەرجە نالەبارە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە دەناڵێنن، مافی بێئەم لاولای خۆیانە کە ئەم جارە هەل و مەرجە جیهانی و ناوچەییە لەبارەکان بقۆزنەوە و کەڵکیان لێ وەربگرن. ئەوەی کە دەبێ دووری لێبکرێ خۆشباوەری و خاوبوونەوە و لەدەست دانی بڕوابەخۆیە.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

هــەروەها ئێمــە پشــتیوانیی خۆمــان لــە خــەباتی گــەلی عــێراق و هێــزە رەســەنە پێشــکەوتنخوازەکانی کــە بــۆ رووخانــدنی دیکتــاتۆریی زاڵ و پێــك هێنــانی ئــاڵوگۆڕی دێمۆکراتیك، واتە بۆ هێنانە ئارای نیزامێکی دێمۆکراتیکی فرەچەشنی فیدراڵ لەو وڵاتە، بۆ جیایی دین و دەوڵەت, یەکسانیی تەواوی مافی ژن و پیاو، ئازادیی بەرفراوانی سیاسی، ئازادیی رێکخستن و چالاکی بۆ کرێکاران و جەماوەر هەوڵ دەدەن دەردەبڕین و بەتایبەتی پیشــتیوانیی و هاوخــەباتیی خۆمــان لەگــەڵ گــەلی کوردســتانی عــێراق و بزووتنــەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەو پارچەیە و لە داخوازەکانی رادەگەیەنین.

بەڵام بێجگە لە هۆکاری دەرەکی و ناوچەیی و بەبێ ئەو فاکتۆرەش، کۆمەڵگای ئێران لەحاڵی جم و جۆڵ و کوڵان دایە. ساڵی رابوردوو لە هەموو ئێران ساڵی پەرەگرتنی زۆرتری پرۆسەی داڕزان و داڕوخانی نێوخۆیی نیزامی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە بوو. ئەگەرچی ئەمساڵیش خەڵکی ئێران ناچارن هێشتا لەژێر سێبەری رەشی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر بەرن، ئەگەرچی هێشتاش شەپۆلە گەورەکانی بزووتنەوەی جەماوەریی کە بتوانن چارەنووسی ئەو رژیمە دیاری بکەن و قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران بخوڵقێنن هەڵنەستاون و تائێستاش هەر مافیای قودرەت و سەروەت درێژە بە حوکمی گەندەڵ و کۆمەڵفەوتێنی خۆی دەدا، بەڵام هەموو دیاردەکان نیشاندەری ئەوەن کە کۆماری ئیسلامی، وەکوو نیزامێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی دیاریکراو، خەریکە لە ناو خۆیدا پرۆسەی هەڵوەرین و داوەشان تێپەر دەکا. گوتاری سوننەتیی ئەو نیزامە، کە لەلایەن موحافەزەکارانەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، رۆژبەرۆژ زیاتر لە کۆمەڵگای ئێراندا پاشەکشەی پێکراوە. هەموو رووداوەکانی ساڵی رابوردوو ئەوەی نیشان دا کە توانای موحافەزەکاران بۆ هەڵخراندنی جەماوەر و زاڵ کردنەوەی فەزای دڵخوازی خۆیان بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا تا چ رادەیەك کز بووە. سەرجەم شێوەی کاری موحافەزەکاران و هەڵس و کەوتیان لەم ساڵەدا دەری دەخست کە تا چ رادەیەك پەرێشانن و کۆنترۆڵیان بەسەر رەوتی فیکری و سیاسیی کۆمەڵگای ئێران کەم بۆتەوە.

لە بەرەی ئیسلاح خوازانی دەوڵەتیشدا پرۆسەی کزی و بێتوانایی و بێجەسارەتیی درێــژەی هــەبوو. رۆژنامــە کاریگــەرەکانیان پێداخســتن، کەســایەتییە نێــودار و بەدەسەڵاتەکانیان گرتن یان بێدەنگ و خانەنشینیان کردن، تەنانەت جەسارەت و زمانی بوێرانەیان بۆ دیفاع لە گیراوەکانی خۆشیان نەبوو. بەرەی ناسراو بە دووی خورداد نە قسەی تازە، نە وتاری جووڵێنەر، نە نووسراوەی ئاگراوی، نە سەرۆکی بەبڕشت و نە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

زمانحاڵی بەتوانای نییە و ئەگەر بووشیەتی نەیماوە. بەرژەوەندی ئابووری و ماڵی و سیاسی وەها ئەوانی بە نیزامی کۆماری ئیسلامییەوە بەستۆتەوە کە نە ویست و نە توانای خۆهەڵبڕینەوەیان لەو دەزگایە نییە. خولانەوە لەنێو بازنەی داخراوی بنەما فیکری و سیاسییە سوننەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسترانەوەیان بە قازانجە ئابووری و سیاسییەکانی دەزگای روحانییەت و دەوڵەت، ترس لە خەڵك و لە بزووتنەوەی جەماوەریی سەربەخۆ، قەتیس مانەوە لەچوارچێوەی رێگە بەناو قانوونییەکان، ئەمانە خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەو باڵەی دەسەڵاتن و هەر ئەوەشە کە لەمێژە ئەوانی لە جێگەی هیوای خەڵکەوە کردووە بە خاوکەرەوەی بزووتنەوەی جەماوەریی و شانسی ئەوانی وەکوو بەدیلی داهاتووی ئێران کەم کردۆتەوە.

تا ئەو جێگەی کە دەگەرێتەوە سەر بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، پێویستە بگوترێ کە سەرەرای نارەزایی و بێزارییەکی قووڵ کە لە هەموو بووارێك و رووداوێکدا سەر هەڵدەدا، هێشتا ئەو بزووتنەوانە پەراکەندە و تاك و تەران و کەمایەسیی گەورەش ئەوەیە. هێشتا جۆگەلە و رووباری نارەزاییەکان نەکەوتوونەتەوە سەر یەك و لافاوی بزووتنەوەی کرێکاریی و جەماوەریی هەڵنەستاوە. هەر ئەوەشە کە ناهێڵێ بنبەستی سیاسی لەبازنەی تەسك و تەنگەبەری ململانێی نێوان باڵەکانی دەسەڵات بەتەواوی بترازێ و لەپێناو قازانجی کرێکاران و جەماوەری خەڵك چارەسەر بکرێت. دیارە پێك نەهاتن و لە ئارادا نەبوونی بەدیلێکی سیاسیش هۆکارێکی گەورەی مانەوەی ئەو بنبەستە و هەڵنەستانی خەڵکە. بەکورتی دەتوانین بڵێین: هێرشی نەپساوەی موحافەزەکاران و ترسی ئیسلاح خوازانی نێو حکوومەت لە هاتنە ناو کایەی جەماوەری خەڵك لەلایەکەوە و، نەهاتنە ئارای بزووتنەوە جەماوەرییە بڕیاردەرەکانی کریکاران و کۆمەڵانی ستەم لێکراو لەلایەکی دیکەوە، بنبەستی سیاسی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانی خوڵقاندووە.

لەئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، کۆماری ئیسلامی ئەم ساڵ زیاتر لە جاران کەوتۆتە ژێر فشار. هەموو رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لەم ساڵدا پەنجەی تاوانیان بۆ لای دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئیسلامی راکێشاوە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە کێشەی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا تەنانەت لەچاو چەند ساڵی رابوردوو بەرەو خراپتر بوون چووە. هەروەها ئەگەری هێرشی ئەمریکا و ئاڵوگۆڕە چاوەروانکراوەکەی عیراق مەترسییەکی زۆری خستۆتە ناو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە و ریزەکانی دەسەلاتی تووشی دووبەرەکایەتی و ناکۆکی و ئاڵۆزیی نێوخۆیی کردووە. لەحاڵێکدا جاران



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

مەسەلەی ئەمریکا و دژایەتی کردنی، دەکرا بە ئامرازێك بۆ هەڵخراندنی خەڵك و دەمکوت کردنی نەیاران و ڕێکخستنەوەی ریزەکانی دەسەلاّتدارانی کۆماری ئیسلامی و خۆیان وتەنی "وەحدەتی کەلیمەی" بۆ پێك دەهێنان، ئێستا کێشەی ئەمریکا جیاوازیی هەڵوێستەکانیان دەخاتە روو و کەلەبەری نێوانیان پتر دەکا. تەنانەت چەند مانگ پێش ئێستا، "رەهبەر" خۆی بڕیاری دا کەس مافی ئەوەی نییە پشتگیریی گفتوگۆ لەنێوان ئێران و ئەمریکادا بکا، بەلاّم ئێستا رۆژ نییە لەسەر ئەو مەسەلەیە نەدوێن و هەرجارەش لەخۆیانی ئاڵۆزتر دەکەن.

یەکێك لە هۆکارەکانی نیگەرانیی دەسەلاّتدرانی کۆماری ئیسلامی لە رووخانی رژیمی عیراق، بێجگە لە بەرز بوونەوەی گشتیی داخوازە دێمۆکراتیکەکان لە ئێران، ئەوەیە کە لە وەها حاڵەتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردی عیراق، چ لە حکوومەتی مەرکەزیی داهاتووی ئەو وڵاتەدا و چ لەرێگەی بەدەست هێنانی مافی فیدراڵی، جێگەیەکی ئابووری و سیاسی و حقووقیی باشتر و بالاّتر بەدەست بهێنن و بەوەش هەم کورد و کێشەکەی لە ناوچەکەدا بەگشتی بەرز بێتەوە و هەم بەتایبەتی کار بکاتە سەر خەڵکی کوردستانی ئیران و بەخشینی هیوا و ئاسۆیەکی زیاتر بەوان و سوور بوونێکی زۆرتریان لەسەر داخوازەکانیان.

لەئاستی کوردستاندا، ژیانی کۆمەلاّنی خەڵك لە سایەی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی تاڵی و بێدەرەتانی. بێکاریی بەربلاّو، هەژاری و ئیعتیاد بوونەتە کێشەگەلێکی کۆمەلاّیەتیی گەورە لە کوردستان. کۆمەڵگای کوردستان بەدەست دواکەوتوویی ئابووری، هەلاّواردنی بەئەنقەست و بێمافیی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگییەوە دەناڵێنێ. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەرگیز پێگە و جێگەیەکی لە کوردستان نەبووە و ئێستا لە هەمیشەش کەمتری هەیە. تەنانەت باڵی ئیسلاّح خوازانی نێو حکوومەتیش، کە سەردەمێك بەدوای دووی خورداددا نیوچە جم و جوڵێك و برە هیوایەکیان بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەشێك لە خەڵکدا پێك هێنابوو، ئێستا دەمێکە لەوەش کەوتوون و جومهووری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانیەوە، وەکوو جاری جاران و بگرە خراپتریش، بێزراو و نەخوازراو و نەفرەت لێکراوە. بزووتنەوەی راستەقینە و سەربەخۆی خەڵك لە کوردستان واقیعییەتێکە چیتر بۆ دەسەلاّتدارانیش حاشا ناکرێ. بەتایبەت کە لە کوردستان، بەپێچەوانەی باقیی ئێران، بەدیلی سیاسیش لەبەر چاوی خەڵك هەیە.

سیاسەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ساڵی رابوردووو، تێکەلاّوێك بووە لە زیاد کردنی سەرکوت و فشار لەلایەك و فریوکاری لە لەلایەکی دیکەوە. رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی رابوردوودا لەلایەکەوە دەستی داوەتە ئیعدامی سیاسی تێکۆشەرانی کوردستان، رفاندن و نهێنیکوژی، ماڵان پشکنین و گرتنی بەکۆمەڵ لە هێندێك لە شارەکان



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

و ئەشکەنجە و مەحکوومیتیەتی قورس و لەوانە مەحکووم کردنی کەسانێك لەو تێکۆشەرانە بە ئیعدام و،هەروەها بڵاو کردنەوەی فیلمی ژەهراوی و دژی کورد لە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی بۆ هەڵخراندنی دوژمنایەتی و خۆش کردنی زەمینە بۆ هێرش کردنە سەر خەڵکی کوردستان و شتی لەوبابەتە و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی داوە لە رێگای وەعدە و بەڵێنی بێناوەرۆك، خۆی بە دڵسۆزی مەسەلەی خەڵکی کوردستان بداتە قەڵەم و بەخەیاڵی خۆی بزووتنەوەی کوردستان خاو کاتەوە و رەسەنایەتی و رادیکالیزمێك کە پێناسەی ئەو بزووتنەوەیەن بسڕێتەوە. هەردووك لایەنی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان لەساڵی رابوردوودا نیشانەی بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان و مەترسیدارتر بوونی ئەو بزووتنەوەیە بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامین و بەدڵنیاییەوە هەرتکیشیان مەحکووم بە شکستن، چونکە نە دەتوانن خەڵك بتۆقێنن، نە چەواشەیان کەن و نە دەستیشیان پێهەڵگرن. رووداوەکانی مەهاباد و پیرانشار، کە وەستانەوە و خورۆشانی خەڵك بەرانبەر بە زۆرداریی و تەقەی بێلێپرسینەوەی هێزە ئینتیزامییەکان بوو، تەنیا نموونەگەلێکی پچووکن لە بێزاریی خەڵك لەدەست هەژاری و بێکاری و بێمافی خەڵکی کوردستان و سەرەڕۆیی کاربەدەستانی رژیم.

بووژانەوە و چالاکیی سیاسی کۆمەڵە و هەموو ئەو جەماوەرەی کە لەگەڵ سیاسەت و دروشمەکانی کۆمەڵە هەڵدەسوورێن، لە دوو ساڵی رابوردوودا هەر وەك سەرنجی هەمووانی راکێشاوە و بۆتە مایەی هیوا و هومیدی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە دوژمنایەتی و هەروەها تەبلیغاتی درۆیینی رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی هەڵخراندووە. سەرانی کۆماری ئیسلامی، لە وەزیری ناوخۆوە تا وەزیری ئیتیلاعات و فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران و کاربەدەستانی ورد و درشتی ئەو رژیمە، کە دێتە باسی کوردستان هەریەکە بە جۆرێك لەسەر کۆمەڵە دەڕاوێنن. بەڵام رەهبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ ئەو واقعییەتە بەرنە نێو مێشکی خۆیانەوە کە نە بە فریوکاری و نە بە زەبروزەنگ ناتوانن مەسەلەی کورد و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان چارەسەر کەن و ناشتوانن کۆمەڵە و بیروباوەر و رێباز و ئامانجەکانی و خۆشەویستییەکەی لە میلیۆنەها جەماوەری خەڵکی کوردستان دابڕن. کۆمەڵە، رەمزی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی هەقخوازانەیە، ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و یەکسانییە، هاندەر و پێشەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە بۆ دابین کردنی مافە رەواکانیان، پێشەنگ و رابەری شۆرشگێڕی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، ئاڵاهەڵگری ئازادی و رزگاری



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

ژنان و خەباتكاری خۆشەویستی لاوانە و رۆژ لەگەڵ رۆژیش پەیوەندی لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵك قووڵتر و بەهێزتر دەبێت.

با لێرەدا بەكورتی چاوێك بە سەرخەتی سیاسەتەكانی كۆمەڵەدا بخشێنین. دیارە سیاسەتەكانی كۆمەڵە بۆ خەڵكی كوردستان و بۆ لایەنە سیاسییەكانی ئێران نەناسراو نین و دووپات كردنەوەی هەمووشیان پێویست نییە، بەلام دەست نیشان كردنی بەشێك لە گرینگترینیان كە بەتایبەتی لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستا گونجاون بێجێگە نابێت.

كۆمەڵە و خۆ رێكخستنی جەماوەریی لە نێوخۆی كوردستان

ئەركێكی گەورەی كرێكارانی وشیار و تێكۆشەری كوردستان، هەوڵ دانە بۆ پێك هێنانی رێكخراوە كرێكارییەكان. هەڵسووراوانی كۆمەڵە پێویستە لە ریزی پێشەوەی ئەو هەوڵ و تێكۆشانەدا بن. لە كوورەكان، لە كارگە جۆراوجۆرەكان، لە كارگەكانی تەون، لەناو كرێكارانی شارەداری، لە نێو كرێكارانی بەشی خەدەمات، لە نێو كرێكارانی نانەوا و لە هەر شوێنێكی كار پێویستە بەبێ ماندوو بوون بۆ وشیار كردنەوەی كرێكاران بە مافی خۆیان و بۆ هاندانیان بۆ پێكەوە نانی رێكخراوە كرێكارییەكان هەوڵ بدەن. پێك هێنانی رێكخراوە كرێكارییە سەربەخۆكان، ئیمكانی ئەوە فەراهەم دەكا كە كرێكاران بتوانن بەهێزتر و بەشێوەیەكی باشتر دیفاع لە مافە پیشەییەكانی خۆیان بكەن. كرێكارانی پرژوبلاو و رێكنەخراو لە هەموو ئالوگۆڕێكی سیاسیی داهاتووشدا سەریان بێكلاو دەمێنتەوە و دەنگیان بە هیچ كوێ ناگات.

هەروەها ئێمە بانگەوازی هەموو تێكۆشەران دەكەین بۆ ئەوەی لە نێو موعەلیمان، خوێندكاران، ژنان، نووسەران، كارمەندان و توێژەكانی دیكە هەوڵی خۆیان بۆ سەرگرتنی رێكخراوە جەماوەرییەكان پەرە پێبدەن. رێكخراوە جەماوەرییەكان هەم لە مافی ئەو توێژانە داكۆكی دەكەن و هەم بەردی بناغەی دارشتن و پاراستن و گەشە پێدانی كۆمەڵگەیەكی مەدەنیی دوارۆژن.

بۆ نموونە پێك هێنانی رێكخراو یا كۆمەڵەی خوێندكارانی زانستگە جۆراوجۆرەكان و دواتریش خستنەوە سەر یەكیان و پێك هێنانی رێكخراو یا كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان هەنگاوێكی گەورەیە كە دەبێ خوێندكارانی زانستگەكان بەوردی و بێماندوو بوون بەدوایدا بچن و سەرەنجام ئەو ئەركە بەجیگە بگەیەنن.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان هەوڵ بدەن لە ئاستی هەموو کوردستاندا ڕێکخراوی ئەدەبیی و هونەریی خۆیان پیك بێنن. دەمێکە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە شارەکانی کوردستان هەن، بۆ نابێ ڕێکخراوێکی نووسەران و ئەهلی قەڵەمی کوردستان پێك بێت؟ ئێمە پێشتریش رامان گەیاندبوو  کە جێگەی خۆیەتی کە نامەی سەرئاواڵەی نووسەران و رووناکبیرانی کورد کە داوای کۆمەڵەی نووسەران، داوای مافی رۆژنامەنووسیی ئازادی کوردی، داوای ئازادیی بەیان و دەربڕین، داوای خوێندن و نووسینی کوردی و شتی لەو بابەتە دەکا بڵاو بێتەوە و دەنگێکی گەورە ساز بکا؟ وەکوو نامەی ١٣٤ نەفەر نووسەری ئێرانی کە داوای ئازادی بەیان و دەربڕینیان کرد و کانوونی نووسەرانی ئێرانیان بەسەر حکوومەتدا سەپاند. ئێستا هەل و مەرج لەو کاتیش لەبارترە و پشتیوانی ناوخۆیی و جیهانیش لێیان زیاتر دەبێت.

بەگشتی، ئێمە بانگەوازی هەموو تێکۆشەرانی شوێن و بووارە جیاکانی کار و خوێندن و ئەدەب و  هونەر دەکەین بۆ بنیات نانی ڕێکخراوگەلێکی دێمۆکراتیك و جەماوەریی سەربەخۆ. ئەو ڕێکخراوانە تەنیا بە هێزی ئیرادە و تێکۆشانی رەسەن و سەربەخو دەتوانێ پێك بێت، لە هەمان کاتدا جێگەی خۆیەتی لە هەر دەرفەتێکی قانوونیی و لەهەر نەختۆکە ئازادییەکیش کەڵك وەربگیرێت. لە قانوونیشدا هیچ شتێك نییە بۆ ڕێگە پێنەدانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، موعەلیمان یان نووسەران و ئەهلی قەڵەمی کوردستان. یاسایەکیش هەبێ خۆی غەیرەقانونییە و دژی سەرەتاکانی مافی مرۆڤە لەسەردەمی ئێستادا. هەڵبەت لەوانەیە گیرو گرفت بخەنە سەر ڕێیان و تەگەرە و کۆسپیان بۆ دروست بکەن، بەڵام هیچ کارێك ئاسان نییە و هیچ دەسکەوتێك بەبێ تێکۆشان بەدەست نایەت. کردن لە ئەوان و پشتیوانیش لە خەڵك و لە رای گشتی.

### کۆمەڵە و پلاتفۆرمی هاوبەشی گەلی کورد

ئێمە بارەها لەسەر پێویستیی هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دواوین و ئامادەیی خۆمان بۆ دارشتن و ئیمزا کردنی پلاتفۆرمێکی وەها دەربڕیوە. ئەو پلاتفۆرمە هاوبەشە، بەڵگەی پابەند بوونی هەموو حیزب و لایەنەکانە بە گرینگترین خاڵەکانی ئازادیی سیاسی و پرەنسیپەکانی دێمۆکراسی و  کۆمەڵگایەکی مەدەنیی پێشکەوتوو و هەروەها مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد فۆرمۆلە دەکات و دەیان کاتە بنەمایەك بۆ هاوکاریی و هاوئاهەنگیی نێوان هەموو حیزب و کەسەکان. بەبڕوای ئێمە پێویستە وێڕای بەرەسمی ناسینی جیاوازیی بەرنامەیی و سیاسیی لەنێوان حیزب و مەیلە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ دارشتن و بەڕێوە بردنی وەها پلاتفۆرمێکی هاوبەش هەوڵ بدرێ.

ئەو پلاتفۆرمە دەتوانێ لەنێوان کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات سەرهەڵدا و بە بەشداری خەڵکی دیکەش فراوان بکرێتەوە. هەر وەکوو بارەها وتوومانە، لەسەر بنەمای ئەو پلاتفۆرمە هاوبەشە دەکرێ ڕێکخراوێکی چەتریی پێك بێت کە هەموو تێکۆشەران لە دەرەوە و دواتر لە ناوخۆی کوردستان بگریتە خۆ و هەر لایەن و کەسایەتییەك کە پەسەندی بکا و هەوڵی بۆ بدا، جێگەی خۆی تێدا ببینێتەوە. ئێمە بانگەواز بۆ ئەو پلاتفۆرمە و بۆ ئەو ڕێکخراوە فراوانە دەکەین و پێمان وایە لەگەڵ هەل و مەرج و لەگەڵ پێویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەم دێتەوە.

هەر لەم پێناوەدا پێویستە دروشم و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە مافی نەتەوەیی یەك بخرێن، بەجۆرێك کە گشت حیزب و ڕەوتەکان پێی پابەند بن و لە بەرنامەی خۆیاندا بیگونجێنن و هەر وەها بە مەبەستی وەدیهێنانی هاوخەباتیی بکەن. بەبروای ئێمە، شیعاری خودموختاری, لەبەر گەلێك هۆ, گونجاو بوونی خۆی لەگەڵ واقیعییەتەکانی ئەم سەردەمە لەدەست داوە. ئەم شیعارە لە ئاستی خواستی خەڵك و وشیاریی ئێستایان نزمترە و دەبێ جێگەی خۆی بدات بە شیعارێکی دیکە. دروشمی خودموختاری خزمەتی خۆی کردووە و چیدی خواستی جەماوەری کورد و بەتایبەت بەشی پێشکەوتوو و نوێخوازی ئەو کۆمەڵگایە نوێنەرایەتی ناکا. لە بەرانبەردا، بەبڕوای ئێمە فیدرالیزم باشترین ڕێگە چارەیە بۆ مەسەلەی میللی لە هەموو ئێران و بەتایبەت لەگەڵ پلەی گەشەی بزووتنەوەی کوردستان گونجاوترە.

بەلەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانە، ئێمە جارێکی دیکە بانگەوازی هەموو لایەن و کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان دەکەین کە هەرچی زیاتر پشتیوانی لەم شیعارە بکەن و لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا وەکوو خواستی هاوبەشی گەلی کورد لە ئێران بەراشکاوی بیهێننە گۆڕێ. هەروەها بەتایبەت داوا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەین کە لەپێناو هێنانی شیعاری فیدرالیزم لەجیاتی شیعاری خودموختاری خێراتر هەنگاو هەڵگرن و بەم جۆرە یارمەتی بە یەکخستن و یەکگرتوو کردنی شیعاری نەتەوەیی هاوبەشی گەلی کورد لە ئێران و بە دابین کردنی بەرەیەکی هاوبەش لەپێناویدا بدەن.

هەروەها لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا داوا دەکەین کە هەیئەتی نوێنەرایەتی هاوبەشی گەلی کورد پێك بێت کە لەکاتی ئەگەری وت و وێژدا ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرێت. ئێمە لە ساڵەها لەوە پێشەوە ئەو داخوازەمان هێناوەتە گۆڕێ و بەتایبەتی لە دوو ساڵی



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

رابوردوودا بارەها تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا رەهبەریی حیزبی دیمۆکرات لەم بارەیەوە بێدەنگە. بەگشتی ئێمەش و خەڵکیش چاوەڕێی ئەوەن کە حیزبی دێمۆکراتیش وەکوو کۆمەڵە ئەو خاڵە بکەن بە بەشێك لە سیاسەتی راگەیەندراوی خۆیان.

کۆمەڵە و ئەگەری گۆڕانکارییە ناوچەیی‌یەکان

لە کۆتایی‌دا، لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەیی‌یانەی کە رەنگە ناڕاستەوخۆ ئێمەش لە ئێران بگرنەوە، پێویستە هەر لەئێستاوە بەوریایی‌یەوە، بەبێ ون کردنی ئامانج و ئاسۆ، بەوپەڕی بڕوا بەخۆیی‌یەوە، خۆمان بۆ دەورێکی تازە لە خەبات ئامادە بکەین. ئەگەر هەلمان بۆ هەڵکەوت بیقۆزینەوە و، ئەگەریش رۆژگار رووی سەختی خۆی نیشان داین بەخۆڕاگرییەوە بەرەنگاری بوەستین. هەرگیز نابێ ئەو راستییە لەبیر بچێتەوە کە کۆمەلێك، چینێك یا میللەتێك کە بۆ ئازادی و سەرکەوتنی خۆی تێنەکۆشێ، هەرگیز تاجەگوڵینەی سەرکەوتن بەسەر سەری خۆیەوە نابینێ، گەر بە هێزی خۆی و تێکۆشانی خۆی پشت ئەستوور نەبێ هەرگیزیش لەحاست رووداوەکان ئامادەیی نابێت و باشترین هەل و مەرجیشی بۆ هەڵکەوێ هیچی بۆ دەستەبەر ناکرێ. هەربۆیەش لێرەدا پێویستە تەئکید بکەینەوە کە تاقە رێبازی دروست بۆ هێزە سۆسیالیست و چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان گرتنە بەری سیاسەتێکی سەربەخۆی شۆرشگێرانەیە کە پشت بە بزووتنەوە جەماوەرییە رەسەنەکان ببەستێ و قازانجی کۆمەلانی خەڵك و بەرژەوەندی دێموکراتیزە کردنی وڵات لەبەر چاو بگرێ و هەل و مەرجی لەبارتر بۆ پاشەرۆژی کرێکاران و زەحمەتکێشان پێك بێنێ. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەها سیاسەتێك رەچاو دەکا.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com